# ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 1 - 7 - 2000

ژمارە (222) یەکشەممە 11 -1 -2009


## رالف رەخنە لە بووش دەگرێ

**رالف** نادر کاندیدای پێشووی سەرکۆماری ئەمریکا، لە پێوەند بە بێدەنگی لەبەرانبەر کارەساتی رەشەکوژی غەززە بە کەسێکی ترسنۆکی دادەنێ.

رالف نادر لە نامەیەکدا کە بۆ جۆرج بووشی سەرکۆماری ئەمریکا رەوانەی کردووە، بەوە تۆمەتباری کردوە کە بەئەنقەست لەبەرانبەر رەشەکوژی یەک ملیۆن نیو مرۆڤی کەرتی غەززە بێدەنگی هەڵبژاردووە، ئەمەش وایکردووە کە ئیسرائیل درێژە بەهێرش و پەلامارەکانی خۆی بدات.

رالف لە نامەکەیدا نووسیویەتی: ' لە کارەساتی غەززە کە دانیشتووانەکەی سەر دەبڕێن و بەهۆی فڕۆکەی ئێف شازدەو هەلیکۆپتەرەکانی ئەمریکی دامەزراوەکان بۆردومان دەکەن، تۆ لە کوێی؟! هەروەها ئەوانەشی بە پێچەوانەی یاساکانی نێو دەوڵەتی لێکداوەتەوەو بووشی بە بەرپرسیار داناوە.


ل3 بەغداد چواریەکی پێویستی ماددەی 140 دابین دەکات





ل4 تەرەتە شەش رامانەکان لەیەکتر دوورتر دەکاتەوە





ل6 پیاوسالاری و ژنسالاری





ل7 گۆڕان و نائومێدی




# لە نێو شاری هەولێر،هێرش دەکرێتە سەر چێشتخانەیەک، سێ کەس برینداردەکرێن و زیانێکی گەورەشی پێدەگەیەندرێ

**تایبەت بە رۆژی گەل:**

کاتژمێر 19.20ی رۆژی 2009-1-9 چەند چەکدارێک بەمەبەستی بردنی خواردنی سەفەری بۆ کۆمپانیایێک دەچنە چێشتخانەی مام سەید، هەڵکەوتوو لە گەڕەکی ئازادی شاری هەولێر، بەڵام کاتێک داوای پارەیان لێدەکرێ، تووڕە دەبن و لە خاوەنی چێشتخانەکە دەدەن. دواتر چەند چەکداری دیکە دەچنە سەریان، بە دارو قۆنداغە تفەنگ لێیان دەدەن و سێ کەس بریندار دەکەن.

بۆ بەدواداچوونی ئەم هەواڵە پەیامنێری رۆژی گەل سەردانی شوێنی رووداوەکەی کردو لە نزیکەوە پرسیاری لە خاوەن چێشتخانەکەو بریندارەکان کرد:

کاک شەهاب ئەحمەد کەریم خاوەنی چێشتخانە دەڵێ: ' کاتێ شەڕەکە دەستی پێکرد، من چوومە ئەوێ، بەڵام نەمتوانی لێیان نزیک ببمەوە'

مام سەید بەڕێوەبەری چێشتخانەکە دەڵێ: ' ئەوانە رۆژانە دێن و لێرە خواردن دەبەن، رۆژی پێشتر نیوەی پارەکەیانداو گوتیان بەیانی پێتان دەدەین، ئەو رۆژەش هەمان شتیان کرد، من پێمگوتن، لانی کەم ماوەی رۆژی پێشوو بدەن، ئەوسا نیوەی ئێستا با بمێنێ، کەچی ئەوان لەجیاتی پارەم پێبدەن، لێیان دام و رۆیشتن، دوایی چوار سەیارەی پڕ لە چەکدار هاتن، هەڵیانکوتایە سەرمان، بە دارو شیشی کەباب و قۆنداغە تفەنگ کەوتنە لێدانمان و تێکدانی چێشتخانەکەمان، لە ئاکامدا سێ کەس لە هاوکارانمان بە ناوەکانی، کەمال باپیر، برهان جەبارو رزگار بریندار بوون، هەروەها سێ کەسی دیکە لە دەرەوەی چێشتخانەکە کە هیچ پەیوەندیان بە ئێمەوە نەبوو، لێیان درا.

مام سەید جەخت دەکاتەوە کە یەکێک لە وان سکاڵای تۆمار کردووە.

بریندارەکانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لە خۆڕاوە هێرشیان کراوەتە سەرو لێیان دراوە. زۆربەیان دووپات دەکەنەوە کە چەکدارەکان گوللەی هەواییان تەقاندووەو مەبەستیان ترساندنی خەڵک بووە، شوێنی گوللەکانیش دیاربوون، بەڵام مام سەید دەیگوت: 'ئەوان تەقەیان لەمن کرد، بەڵام خۆشبەختانە بەرم نەکەوت'

مام سەید جەخت دەکاتەوە کە ئەوانە کڕیاری بەردەوام بوونەو هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ یەکتر نەبووە، بەڵام رۆژی رووداوەکە سەرمەستانە رەفتاریان کردووەو ئەو کارەساتەیان خوڵقاندووە. هەروەها بەهۆی رووداوەکە دەخیلەکەمان لەبێن چووە، هەموو پارەکەمان بزر بوو.





## ئەڵمانیا مۆنۆمێنتێک بۆ ئەنفال دروستدەکات

بڕیارە ساڵی 2009 لە ئەڵمانیا و لەسەر بودجەی ئەو وڵاتە مۆنۆمێنتێک بۆ ئەنفالکراوان دروستبکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش راوێژ بە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دەکرێت.

گولاڵە عەزیز نوێنەری گەرمیان لە پەرلەمانی کوردستان و چالاکوانی بواری کەیسی ئەنفالدا ، گوتویەتی: ساڵی پار لە کاتی سەردانماندا بۆ وڵاتی ئەڵمانیا داوامانکرد هاوکاری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکەن و مۆنۆمێنتێک بۆ ئەنفالکراوەکان دروست بکەن'

گولاڵەدەڵێ:"حکومەتی ئەڵمانیا ڕەزامەندی دەبڕیوە لەسەر دروستکردنی مۆنۆمێنتەکە و داوایانلێکردین لە کاتی گەڕانەوەماندا ڕاوێژ لەگەڵ کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا بکەین بۆ ئەوەی بیرۆکەی مۆنۆمێنتەکە گەلاڵە بکەین و لەسەر شێوازەکەی ڕێکبکەوین'

نوێنەری گەرمیان لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەشداوە کەبڕیارە لە چەند مانگی داهاتوودا بە هاوڕێیەتی دوو نوێنەری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەسەردانێک بگەنە ئەڵمانیا و بیرۆکەی مۆنۆمێنتەکە لە گەڵ خۆیاندا ببەن ، جەختیشی کردۆتەوە کە "دیزاین و دروستکردنی مۆنۆمێنتەکە لەسەر بودجەی وڵاتی ئەڵمانیایە و بەڵێنیان پێداوین بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک و لەسەر دەستی باشترین هونەرمەندەکانی ئەو وڵاتە دروست بکرێت.

**سەرچاوە: دەنگوباس**

## ساڵح موتلەگ دەیەوێ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێ

سەرچاوەکان دەڵێن کە ساڵح موتلەگ دەیەوێ شوێنی مەحمود مەشهەدانی بگرێتەوەو پۆستی سەرۆکی پەرلەمان مسۆگەر بکات، بەڵام هاوپەیمانی کوردستان ئامادەنیە دەنگی بۆ بدات.

ئەو زانیاریانەی لە لیستی تەوافق دزەیان کردووە، جەخت دەکەنەوە کە لیستی تەوافق رازی نابێ کە ئەندامێکی حزبی ئیسلامی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێ، شانسی ئەیاد عەلاوی و ساڵح موتلەگ لەهەموویان لەپشترە، دوای ئەوەی خەلەف عەلیان نەیتوانی لیستی تەوافق رازی بکات.

سەرچاوەکان، سەردانی ساڵح موتلەگ بۆ لای سەرۆک کۆمار بەوە لێکدەدەنەوە کە خواستویەتی تا کورد دژایەتی نەکەن، بەڵام خۆی جەخت دەکاتەوە کە ئەیاد عەلاوی کاندید دەکات و دەنگی پێدەدا.





## ڕۆژەڤ

ساڵی 2008 زۆر بە سەختی بەسەر گەلی کوردستان تێپەڕ بوو، چونکە ئەو خەون و ئاواتانەی کە بڕیاربوو جێبەجێ بکرێن، ناکام مانەوە، ئاوارەو دەرکراوان بە ئاوات بوون سەربەرزانە بگەڕێنەوەو قەرەبوو بکرێنەوە، بنەماڵەی شەهیدان چاویان لەوەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزی زیاتریان لێبگرێ و ژیانێکی سەربەرزانەیان بۆ دابین بکات، کوردستانیان پێیانوابوو ماددەی 140 جێبەجێ دەکرێ و پارێزگای کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان بۆ باوەشی کوردستان دەگەڕێنەوە، ستەمدیدەو هەژارانیش خوازیاربوون کە گەندەڵی بنبڕ بکرێ و ژیانێکی ئاسوودەیان بۆ مسۆگەر بکرێ، سەربەخۆخوازان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی هەنگاوەکانی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ تێدەکۆشان، کەچی سەرجەمیان هەناسە سارد کران، بۆیە ئێستا خەڵکی کوردستان بە پەرۆشەوە لە داهاتوو دەڕوانن.

ساڵی 2008 هێزە عەرەبییەکان و بەرەی تورکمانی پێداگری زۆریان کرد تا ماددەی 140 جێبەجێ نەکرێ، تێیدا سەرکەتووبوون. حکومەتی بەغداد لە یاری چاوشارکێ و خۆدزینەوە لە بەڵێنەکانی و پێڕۆنەکردنی بڕگەکانی ماددەی140 براوە بوو، تەنانەت لە هێنانی هێزەکانی بۆ ناوچەکانی جەلەولا، جەبارەو قەرەتەپە دەستپێشخەری کردو بارگەو بنەی داکوتا.

بەدرێژایی ساڵی 2008 هەردوو حکومەتی ئەنکاراو تاران بەبیانۆی هەبوونی بنکەو بارەگای هێزی نەیاری خۆیان درێژەیان بە بۆردومان و تۆپبارانی خاکی باشووری کوردستان دا، بەوهۆیەوە دەکرێ بڵێین کە ساڵی 2008 هەرێمی کوردستان لەژێر هەڕەشەو گوڕەشەی دەوروبەر دابوو، نەتوانرا هەنگاوی کردەیی بۆ وەدەست هێنانی مافەکان و مسۆگەرکردنی ئامانجەکان بهاوێژرێن. ئێستا خەڵکی کوردستان بۆ قەرەبوو کردنەوەی ساڵی 2008، چاویان لە هەنگاوەکانی سەرۆکایەتی و سەرکردایەتی هێزە سیاسیەکان بڕیوە و دەخوازن کە ساڵی 2009 بکرێ بە ساڵی چەسپاندنی سۆزو بەڵێنەکانی مێژینە، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە کە ناحەزو هاوڕکانی گەلی کوردستان ساڵی 2009 بکەن بە ساڵی ڕاگەیاندنی چەواشەو لە بیربردنەوەی ئەوانەی کە پێشتر ڕێککەوتنیان لەسەر کرابوو. ئەوەتا هەر لە ئێستاوە مێدیاکانی بەرانبەر قۆڵیان لێ هەڵماڵیوەو دەیانەوێ زۆرلێکراو بە ستەمکار بناسێنن، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ڕەوشە، گەرەکە کوردستانیان دەست بە کارنامەی ساڵی 2009ەوە بگرن و شێلگیرانە لەپێناویدا تێبکۆشن.

## بۆ رۆژنامەوانان، عێراق بە ترسناکترین وڵات دادەندرێ

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی سایتیCpj کە مێژووی کوژرانی رۆژنامەنوسانی لەماوەی 25 ساڵدا لە 5 وڵاتی دونیادا ئاشکرا کردوە، عێراق پلەی یەکەمی هەیەو لە نێوان ساڵی 2003 تاوەکو 2006 زۆرترین ڕێژەی کوژرانی رۆژنامەنوسانی تێدا روداوە کە 92 رۆژنامەنوس لەعێراقدا کوژراون.

ڕاپۆرتەکە رونی کردۆتەوە کە لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی ئەمریکا دژ بە عێراق ساڵی 2003 تەنیا 14 رۆژنامەنوس کوژران، ساڵی 2004 ژمارەی کوژراوان گەیشتە 24، لەساڵی 2005 دا 22 رۆژنامەنوس کوژراون‌و لەساڵی 2006دا 32 رۆژنامەنوس کوژراون.

هەر بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە دەردەکەوێ کە زۆرترین رۆژنامەوان لە عێراق دەکوژرێن، بەمەش ترسناکترین شوێنە بۆ رۆژنامەوانان


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | |
|---|---|
| Directory: | C:\Users\barzamer\Desktop\222 Word |
| Template: | C:\Users\barzamer\AppData\Roaming\Microsoft\Templates\Normal.dot |
| Title: | |
| Subject: | |
| Author: | Azad |
| Keywords: | |
| Comments: | |
| Creation Date: | 2008-12-13 07:24:00 |
| Change Number: | 266 |
| Last Saved On: | 2009-01-13 20:11:00 |
| Last Saved By: | barzamer |
| Total Editing Time: | 299 Minutes |
| Last Printed On: | 2009-01-14 21:12:00 |

As of Last Complete Printing

Number of Pages: 1

Number of Words: 107 (approx.)

Number of Characters: 573 (approx.)

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com